# زنجیرەیەك نووسین لەبارەی ئەزمونی شیعریی حەفتاكانەوە

(3)

# گەڕان بەدوای شیعردا
# گەشتێك بۆ دنیا تایبەتەكەی شێركۆ بێكەس



**نووسینی: محەمەد كوردۆ**

### دەرگا

گەورەیی شێركۆ بەر لەهەر شتێك بۆ بەشیعركردنی شتەكان و بە شێركۆییكردنی شیعرەكان دەگەڕێتەوە.

****

شیعر ((وەك ئەو نووشتەیەی -عەبدوڵڵا پەشێو- وایە، كەعومری هەزاران ساڵ ئەبێ، ئەو نووشتەیەی نووح بۆی كردووەو پێی وتووە، ئاگاداربە نەكرێتەوە، كە كرایەوە بەتاڵ ئەبێ))[1].

هەوڵدان بۆ كردنەوەی شیعر هەوڵدانە بۆ بەتاڵكردنی، (هەموو گەڕانێك بەدوای شیعردا گەڕانە بەدوای خۆڵەمێشا نەك ئاگر))[2].

شیعر ئەفسوونێكە پەی بەهەموو شتێك دەباتو هیچ شتێك ناتوانێت پەی بەو بەرێت، لەكۆنەوە بۆچوونێكی واهەبووە كە ((شیعر برێك شەریكایەتی لەگەڵ خواوەندێتیدا هەیە))[3].

((موتەنەبی بڕوای بەپێغەمبەرایەتی خۆی هەبووەو —نزار قەبانی-ش بڕوای بەبڕواكەی ئەو هێناوە))[4].

غەزالی وتوویەتی: ((شیعر هەندێجار لەقورئان كاریگەرترە))[5].

شیعر بوونەوەرێكە لەدەرەوەی دەسەڵاتی رەخنەگر، زەمەنی شیعرو زەمەنی رەخنە جودان، ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین رەخنە شوێنكەوتووی شیعرە نەك شیعر شوێنكەوتووی رەخنەبێت.

بەر لەوەی (خەلیلی ئەحمەدی فەراهیدی) بەحرەكانی عەرووز دیاریبكات،لای عەرەب شیعر بەو بەحرانە نووسراوە.

بەر لەوەی بزانرێت بڕگە چییە لای كورد شیعر بەبڕگە وتراوە.

من پێموایە وەك چۆن سەعات كات دەستنیشان دەكاتو تێگەیشتنی ئێمە بەرامبەر بەو رێكدەخات، وەك چۆن بوونی (كات) سەعاتی پێویستكردووە نەك بەپێچەوانەوە، رەخنەش وایە و دەتوانین بڵێین رەخنە هەوڵدانە بۆ رێكخستنی تێگەیشتنەكانی ئێمە بەرامبەر بەشیعر نەك شتێكی دیكە.

لێرەوە من لۆژیكی لایەنگریو دژایەتی رەخنە بۆ خاوەن دەق، رەتدەكەمەوەو سەربەستانە گەشتی خۆم (بەدوای شیعردا لەدنیا تایبەتەكەی شێركۆ بێكەس، دەستپێدەكەم.

دنیای شێركۆ بێكەسیش (وەك ئاشكرایە) دنیایەكی گەورەو فراوانو بێسنوورە، پڕاوپڕە لەئەفسوونو داهێنانو تایبەتمەندێتیو جوانیوهەندێكجار ناشرینیش.

لەو دنیایەدا، وەك چۆن دەیان دەقی زیندوو هەن، هەر ئاوهاش دەیان دەقی مردوو هەن، ئەمەش شتێكی ئاساییە، چونكە وەكوو -سەعدی شیرازی- دەڵێت:

((ئەگەر هەموو شەوێك شەوی قەدەر بوایە، شەوی قەدریش بێقەدەر دەبوو))[6]، بەڵام ئەوەی كە بۆ شێركۆو بۆ شیعر

دەمێنێتەوە تەنیا دەقە زیندووەکانە، لەبەرئەوە منیش قسەم لەسەر دەقە زیندووەکان کردووەو خۆم بەدەقە مردووەکانەوە سەرقاڵ نەکردووە.

دنیا تایبەتەکەی شێرکۆ بێکەس گەشتی گەورە گەورەو جیاواز هەڵدەگرێت، من لەم گەشتەدا باسی ئەو شتانە دەکەم کەتوانیوویانە چاوم بدزنو کاریگەرییەك لەبیرەوەریمدا جێبهێڵن.

مەرجیش نییە هەموو ئەو شتانە گەورە بن، چونکە (هەندێجار) وەکو -نەژادی عەزیز سورمێ- دەڵێت:

((لەناو ئەو هەموو قەڵشتو بۆشاییانەدا

کە دەگونجێ بوومە لەرزەیێ

پێکی هێنابێ

پنتێ سەرنجت رادەکێشێ))[7].

********

ئیحسان عەبدولقەدوس، لەچیرۆکێکدا دەڵێت:

((کچانی دیمەشق شیعر دەخوێننەوە، لەوێ تەنها شاعیر دەتوانێ گڕ لەسۆزی کچان بەربداتو خەیاڵیان بووروژێنێتو ئاهیان لەدڵ دەربکات.

دوور نییە هۆکارێکی ئەمەش ئەوەبێت کەدیمەشق ئەستێرەی سینەمایی نییە، عومەر شەریف و شوکری سەرحانو روشدی ئەبازهی نییە،تەنها شیعری هەیەو ئەستێرەکانیشی شاعیرەکانن، من شاعیرم، بەڵام بۆ بەدبەختیم لەقاهیرە دەژیمو کچانی قاهیرەش شیعر ناخوێننەوە، ئاسمانی قاهیرە جێگای ئەستێرەی شاعیری تیانابێتەوە.

مەحاڵە لای ئێمە رۆژنامەکان شیعرێك بلاوبکەنەوە، گەر عەبدلوەهاب ئاوازی بۆ دانەنابێت، کەبلاویشی دەکەنەوە، رێزگرتنە لەعەبدلوەهاب نەك لەشاعیرەکە))[8].

بەڵام کورد، کوڕو کچ و گەورەو بچووکی شیعر دەخوێنێتەوە، ئاسمانی کورد پڕاوپڕە لەئەستێرەی شاعیر،زۆر جار لای کورد هەر گۆرانییەك شیعرێکی جوانی نەبێت ناتوانێت بەخەڵك بگات.

کورد لەمێژوویەکی دوورەوە پەنجەرەکانی لێداخراون، دەرگاکانی کلۆمدراون، کێڵگەکانی بە مەرگ چێنراون، لەو مێژووە دوورەوە کورد شیعری بۆ خۆی کردووە بەپەنجەرەو بەدەرگاو بەژیان.

بەر لە چیا (شیعر) دۆستی کورد بووە.

رەنگە کورد لەهەموو نەتەوەیەکی دی زیاتر قەرزاری شیعر بێت.

شیعر هێزی مەزنی پاراستنی کوردو فریشتەی میهرەبانی بووە بۆ کورد ،لێرەوەیە کە لە (کۆنەستی کورد)دا شیعر بەکۆمەڵێك ئەرکی قورسەوە گرێدراوە، ئەوەتا تاکو ئەمرۆش زۆرمان گەورەیی شاعیرێکی وەکو شێرکۆ بێکەس، بۆ هەڵوێستو بیری نەتەوایەتی ئەو دەگەڕێنینەوە.

کەبێگومان ئەمە بۆچوونێکی تاکڕەهەندانەو ناتەواوە، بۆچوونێکە ئەوەندەی پەیوەندی بە هەڵوێست و بیرو باوەڕو ئەخلاقی شاعیرەوە هەیە،ئەوەندە پەیوەندی بە داهێنان و بەدەقو بەئێستاتیکای دەقەوە نییە.

بۆچوونێکی لەمجۆرە لەوپەڕی دەسەلاتی خۆیدا تەنها دەتوانێت نوێنەرایەتی یەك لایەن بکات لە پرۆسەی نووسیندا کە بێگومان هیچ لایەنێك بە تەنها بۆ نووسین و داهێنان بەس نییە.

چوونکەپرۆسەی نووسینو داهێنان پرۆسەیەکی گەورەو بەرفراوانو بەلقوپۆپە، کورتکردنەوەی لەهەر خاڵێکدا (هەرچەندە ئەو خاڵە مەزنیش بێت) هەر ناتەواوی پرۆسەکە بەیان دەکات.

جگە لەوە، وەکو (د.ئیحسان عەباس) دەڵێت:

((لێکۆڵینەوەی شیعر لەڕوانگەی سیاسییو نەتەوەییەوە، شیعر بەرەو دنیای بەڵگەنامەیی دەبات))[9].

ئەگەر ئێمە وەکو کورد نەشتوانین یان نەمانەوێت بڕوای تەواو بەم بۆچوونەی (د.ئیحسان عەباس) بهێنین، دەتوانین بڵێین:

شێركۆ نە یەكەمین‌و نەدواهەمین شاعیری ئێمە نییە كە بایەخی بەمەسەلەی نەتەوایەتی‌و هەڵوێست دابێت .ئێمە خەرمان زۆرە بەڵام ئافەرین بۆ ئەوەیانە كە ئاوی حەیات دەدۆزێتەوەو لەبازنەی مەرگ دەرباز دەبێت.

پێویستە كەقسەمان لەسەر ئەدەب بوو، وەك –ئیلیۆت- ئاماژەی بۆ كردووە ((شتەكان لەرێگای پەیوندییان بەئەدەبەوە هەڵبسەنگێنین))[10].

دەبێت بزانین كە (نالی) ئەگەر شیعریشی بۆ سلێمان پاشاو ئەحمەد پاشای بابان نەنووسیایە، هەر (نالی) بوو.

(موتەنەبی) نە بەوە بوو بەشاعیر كە (كافور ئەلئەخشیدی) بەخۆرێكی رەشی پرشنگدار چواندو نە بەوەش لەشاعیرێتی كەوت[11].

جەواهیریش ئەو شیعرانەی بۆ هەردوو مەلیك فەیسەڵی نووسین،نە گەورەو نە بچووكیان نەكردەوە[12].

دەمەوێت بڵێم: گەورەیی شێركۆ بێكەس بەرلە هەرشتێك بۆ (بەشیعركردنی شتەكان‌و بەشێركۆییكردنی شیعرەكان) دەگەڕێتەوە.

★★★★★

## شێوازی تایبەت

شاعیری بەتوانا هەرگیز بیری ناچێت كە جێپەنجەی خۆی بەسەر بەرهەمەكانییەوە جێبهێڵێت.

★★★★

لەشیعردا گەڕان بەدوای ئەو رێگایانەی دەتبەنە نێو (زاكیرەی نەمریی) زۆر گرنگە. دەشێ (زاكیرەی نەمریی) بەئامێرێكی فاكس یان مۆبایلێك بچوێنین، كە ژمارەیەكی تایبەت بەخۆی هەیە، هەڵكردن لەلێدانی ئەو ژمارەیە شیعر بۆ جێگایەكی دی دەنێرێت، پێموانییە هیچ شاعیرێك بەبێ (شێوازێكی تایبەت) بتوانێت ئەو ژمارەیە بدۆزێتەوەو شیعر بەجێگای خۆی بگەیەنێت.

من بۆخۆم یەكێكم لەو كەسانەی كەبڕوای تەواوم بەكارتێكردن‌و سوودوەرگرتن‌و دەقئاوێزان هەیە، چونكە وەكو (گۆتە) دەڵێت:

((هەركەسێك وابزانێت هەموو بەرهەمەكانی لەتوانای تایبەتی خۆیەوە لەدایكبوون، گێل‌و نابینایە))[13].

بەڵام من بڕوای تەواوترم بەشێوازی تایبەت هەیە، پێموایە ناشێت دەقەكانمان بەشێوازی تایبەت بەرهەم نەهێنینەوە.

چونكە ((تەقلید هەرچەندە بەسەركەوتوویش ئەنجام بدرێت، هەر نوسخەی دووەمی دەقی یەكەم دەبێت))[14] شاعیری بەتوانا هەرگیز بیری ناچێت، كەجێپەنجەی خۆی بەسەر بەرهەمەكانییەوە جێبهێڵێت.

تەنانەت (ئەدۆنیس) دەڵێت:

((شیعری -سان جۆن پێرس- كە بەزمانی من هاتووەتە ناو رۆشنبیریی شیعری عەرەبییەوە، سیمایەكی ئەدۆنیسیانەی هەیە))[15].

لای خۆشمان چوارینەكانی خەیام –كەهەژار موكریانی وەریگێڕاون- بۆنی موكریانیان لێدێت.

باشە ئەگەر ئەم حاڵەتە لەوەرگێڕاندا وابێت، كە تۆ راستەوخۆ دەقی یەكێكی دیكە بەرهەم دەهێنیتەوە، ئەی چۆن دەكرێت لەدەقێكی خۆتدا شێوازی تایبەت پشتگوێ بخەیت؟

لێرەوەیە كەناشێت لەلێكۆڵینەوەی شیعری شێركۆ بێكەسدا (بەشیعركردنی شتەكان) بایەخی پێبدرێت‌و (بەشێركۆییكردنی شیعرەكان) پشتگوێ بخرێت.

★★★★★★

## گوتار

لای شێرکۆ شیعر و نەتەوە هیچیان پێش ئەوی دیکەیان ناکەون، بەڵکو دوو ئامانجن لەناو یەکدییدا وەك چۆن زۆر جار مرۆڤ لەنێو خەوندا خەونی دیکە دەبینێت.

***

راستە گوتار لەشیعری شێرکۆدا گوتاری مانەوە، یان گوتاری بەرگرییە، هەروەك عەتا قەرەداغیو بەختیار عەلی بەجوانی لێی دواون، بەڵام بەڕای من بوونی ئەم گوتارە نییە کەشێرکۆ لەشاعیرانی دیکە جیادەکاتەوە، بەڵکو بەشیعرکردنی ئەم گوتارەیە.

دەتوانم روونتر بڵێم: بەر لەشێرکۆ لەشیعری کوردیدا دوو جۆر شاعیر بوونیان هەبووە، کە بایەخیان بەنەتەوەو مانەوەی نەتەوەیی، دابێت.

یەکەم: ئەوشاعیرانەی نەتەوە ئامانجی یەکەمو شیعر ئامانجی دووەمیان بووە.

(خانی) نموونەیەکی بەرجەستەی ئەمجۆرە شاعیرانەیە:

**((شەرحا غەمێ دل بکەم فەسانە**

**زینو مەمێ- بکەم بەهانە))**[16].

دووەم: ئەو شاعیرانەی شیعر ئامانجی یەکەمو نەتەوە ئامانجی دوومیان بووە.

**(نالی) دیارترین شاعیری ئەم بوارەیە:**

**((کەس بەئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە**

**هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالبی مەعنا دەکا))**[17].

بەهاتنی شێرکۆ جۆری سێیەم لەشیعری نەتەوەیی ئێمەدا زۆر بەروونی دەرکەوتووە، کەلای ئەمجۆرە شاعیرە هیچ کام لەشیعرو نەتەوە ئامانجی یەکەمو ئامانجی دووەم نین، بەڵکو دوو ئامانجن لەناو یەکدییدا، وەك چۆن زۆرجار مرۆڤ لەنێو خەوندا خەونی دیکە دەبینێت.

دەتوانیین (داستانی مامەیارە) بەنموونەی ئەم بۆچوونەمان بهێنینەوە. دەشێت بەواتایەکی دیکە بڵێین: نە (خانی) ئەوەندەی شێرکۆ شاعیرو نە (نالی) ئەوەندەی شێرکۆ نەتەوەیی بووە.

کۆکردنەوەی ئەم دوو جەمسەرە (بەهاوسەنگی) لەخاڵێکدا، شیعری شێرکۆیی لێکەوتۆتەوە، کەمن پێموایە هەر لەبەرئەم هۆیەشە شێرکۆ لەهەموو شاعیرێکی کورد زیاتر (لەنێوان شیعرو نەتەوەدا) قسەی لەسەر دەکرێت.

***

## زمان

شێرکۆ کەلەگەڵ شیعر خوێندنەوەدا خۆی دەچەمێنێتەوە ئەوە سووژدە بۆ زمانی کوردی دەبات.

***

دۆستایەتی شێرکۆ لەگەڵ زماندا (تەنیا مەرحەبای رۆژانەبووە) تاکو زمانێکی دۆزیوەتەوە، کە بە (نوری خوا)ی چواندووە، دەشێت لەم کردنی زمان بەنوری خوایەدا، مەبەستی ئەوەبێ پێمان بڵێت: تانەبن بەکێوی (گوور) هەست بەگەرمایی زمانی من ناکەن.

شێرکۆ هەم توانایەکی خەیاڵیو ساحیرانەی بەسەر زماندا هەیەو هەم بڕوایەکی (رەها)شی بەسیحری وشەو بەئەفسوونی زمان هەیە.

تەنانەت کە (لەگەڵ شیعر خوێندنەوەدا خۆی دەچەمێنێتەوە، ئەوە سوجدە بۆ زمانی کوردی دەبات).

زمانی شێرکۆ لەگەڵ ئەوەشدا کەشەفافیەتی تێدایەو هەندێجاریش بەهۆی نزیکبوونەوەی زۆرییەوە لەچیرۆك بەرەو خاوبوونەوە دەچێت،کەچی لەهەمان کاتیشدا زمانێکە هەم پاك و هەم پڕ لەبزووتن وهەم خاوەن دەسەڵات و هەم بارگاوییکراو بەشیعرییەت و هەم کۆکەرەوەی دژەکانیشە، (عەبدولقاهر ئەلجەرجانی) وتەنی:

((مەودای نێوان رۆژهەڵاتو رۆژئاوا کورت دەکاتەوە، دژەکانمان بەئاوێزانی پێشاندەدات، ژیانو مردنمان پێکەوە بۆ دێنێتو ئاوو ئاگر بەیەکەوە کۆدەکاتەوە))[18].

هەروەها زمانی شێرکۆ زمانێکی (لیریکی)شە، (لیریك) بەو مانایەی کە (شاکر ئەلنابلوسی) دەربارەی مەحمود دەروێش وتوویەتی:

((دەروێش بەپلەی یەك شاعیرێکی لیریکییە، چونکە هەمیشە هەوڵدەدات، کە پرسیارە نیشتمانییو هزرییەکانیشی لەڕێگای دڵەوە –نەك لەڕێگای عەقڵەوە-نمایش بکات))[19].

بەلای منەوە یەکێك لەگەمە شیعرییە جوانەکانی شێرکۆ، کە لەڕێگای سیحری زمانەوە ئەنجامی دەدات (بەخەیاڵکردنی واقیعو بەواقیعکردنی خەیاڵە).

ئەمەش جگە لەوەی کەدەسەڵاتی شاعیرانەی شێرکۆ دەسەلمێنێت، فەزایەکی شیعریی واش دەرەخسێنێت کەتیایدا شیعر لەجیاتی وەسفکردن، هەوڵی گۆڕینو دورستکردن بدات.

***

## وێنە

وێنە لە شیعری شێرکۆدا بوونێکی سەرابیانەی هەیە،نزیك دێتە پێش چاو بەڵام دوورە.

***

ئەگەرچی وەك (ئونسی ئەلحاج) دەڵێت:

((پۆلێنکردنی شیعر کارێکی نەشیاوە، تەنها شیعری باشو شیعری خراپ هەن))[20].

(ئاراگۆن)یش پێیوایە کەتەنانەت ((لەنێوان شیعرو رۆماندا جیاوازی بنەڕەتی نییە))[21].

بەڵام زۆرجار رەخنەگر یان لێکۆڵەرەوە ناچار دەبێت هەندێك پۆلێنکاری بکات. شێرکۆ بێکەس کە ((مولیعە بەوێنەی شیعرییەوە))[22]، لەدەقەکانیدا چەند جۆرێك وێنەی بەرهەمهێناوە، کەدەکرێت ئەم پۆلێنکارییەی تێدا بکەین:

1-وێنەی شێوەکاری.

2-وێنەی ڤیدیۆیی (یان سینەمایی)[23].

3-وێنەی ئەدەبیی.

لەوێنە شێوەکارییەکاندا، هەوڵیداوە وێنەی ژیان بگرێت.

لەوێنە ڤیدیۆیی (یان سینەماییەکاندا) هەوڵیداوە ژیان بۆ نێو دەق بگوازێتەوە.

لەوێنە ئەدەبییەکاندا هەولی خولقاندنی فەنتازیای داوە.

دوای وردبوونەوەی پێویست لەو وێنانە دەردەکەوێت کەشێرکۆ، شیعری لەنێو تەمومژی دەستکردا نەخنکاندووە، بەڵکو (کاپلین رین) وتەنی:

((وەکو مرۆڤێکی حەکیم بیری کردۆتەوەو وەکو مرۆڤێکی سادە دواوە))[24].

ئەمەش وایکردووە وێنە لەشیعری شێرکۆدا بوونێکی سەرابیانەی هەبێت. نزیك بێتە پێشچاو، بەڵام دووربێت.

کەهەوڵیش بدەیت زیاتر لێی بچیتە پێشەوە، زۆرتر دووربکەوێتەوە.

★★★

## خەیاڵ

لەخەیاڵی شێركۆدا شەكردان بوونەوەرێكە فرمێسكی سپی ئەڕێژێ و وشە وەكو حێل بۆن و تامی هەیەوتیشك سەری دەشكێت و شوێن رادەكات.

رۆلان بارت دەڵێت: ((ئەدەب جگە لەزمان شتێكی دیكە نییە))[25].

زمانی شیعریش (وەك ئەدۆنیس) وتویەتی:

((لەسەردەمێكی كۆنەوە لەجیاتی گواستنەوەی شتو رووداو، ئاماژەو خەیاڵكردنی گواستۆتەوە ))[26].

بەم پێیە شیعر لە دەرەوەی زمان بوونی نییەو زمانی شیعریش لە دەرەوەی خەیاڵكردن ناتوانێت گەشە بكات.

واتە شیعر بەبێ خەیاڵ ناژێ.

شێركۆ یەكێك لەشاعیرە هەرە خەیاڵفراوانەكانی كوردە، پرۆسەی بەشیعركردنی شتەكانیش (كە لەسەرەتادا ئاماژەمان بۆكرد) بەر لەهەرشتێك لەرێگای خەیاڵەوە، بەئەنجام دەگات.

بۆ نموونە لەخەیاڵی شێركۆدا:

**شەكردان بوونەوەرێكە**
**فرمێسكی سپی ئەڕێژێ،**
**وشە وەكو حێل**
**بۆن و تامی هەیە،**
**رووناكی سەرخۆشەو**
**تیشك سەری دەشكێت و**
**شوێن رادەكات.....**

تەنانەت خەیاڵی شێركۆ بەتەفسیرەكانی فەلسەفەو زانستو ئایین رازی نابێتو تەفسیری خۆی بۆ شتەكان پێیە.

ئەوەتا:

★ (باران)

**نەبەقامچی فریشتەی ئاسمانو**
**نەبەفەرمانی -ئاندەر-ی خوای بارانی هندۆسەكانو نەبەلەیەكدانی پەڵەهەورە بارگە جیاوازەكان**
**دروست نابێ.....**
**بەڵكو شیعری زستانەی خوایەو**
**لەناو پەڵەهەوری تەنیادا نووسراوەتەوە.**

★(پیانۆ) ئالەتێكە هیچ كەسێك دروستی نەكردووەو تایبەتیش نییە بەهیچ نەتەوەو وڵاتو كیشوەرێكەوە، بەڵكو:

**جارێ بەرێز**

**پۆلێ پەرەسێلکەی دڵی**

**شاعیرانی هەر پێنج قاڕەی**

**ئەم دنیایە**

**هەڵفڕیوونو**

**زۆر لەسەرخۆ**

**چوونەتە ناو سنوقێکەوە**

**لەدواییدا ئەو سنوقە**

**بووە بەپیانۆ.**

*(تەمی گوێی چەمەکان)،

**پەردەیەکە،**

**دوای ئەوەی سێوەکان رووت ئەبنەوەو**

**باوەش بەیەکتردا ئەکەن،**

**لەترسی ئەوەی دارە بەنێکی دەست تووکن،**

**بەدووربین، تەماشایان نەکات،**

**ئەو پەردەیە دادەدەنەوە.**

*(بەختیار عەلی)، دەڵێت:

((هێزێکی بێبنی دۆناودۆن لەهەموو مردووەکانی شێرکۆدا هەیە، چونکە ئەزموونی شێرکۆ، لەبنەڕەتدا لەسەر بەزاندنی مەرگ بنیاد نراوە، واتە لەسەر هەڵهاتن لەفەنابوون، کە جەوهەری گوتاری مانەوەیە))[27].

دەشێت لێرەدا هەم بۆ دەوڵەمەندکردنی بۆچوونەکەی بەختیار عەلیو هەم بۆ زیاتر روونکردنەوەی خەیاڵی شاعیرانەی شێرکۆ، بڵێین:

شێرکۆ بێکەس شاعیرێکە جگە لەدۆناودۆن، دەتوانێت لەنێو مردنو لەودیوی مردنیشەوە ژیان ببینێت.

ئەوەتا لە شیعری (یەکەم دەنگو دوادەنگ)دا، کە بۆ هەڵەبجەی نووسیوە:

**دوای ئەوەی:**

**هەوا دەمرێو**

**ئاسمان دەمرێو**

**بەهار دەمرێو**

**دایکەو باوکەو زەڕنەقووتە**

**دەبن بەسێ بەردە پەیکەری باوەشکردوو بەیەکتردا،**

**دوای ئەوەی شار دەبێت**

**بە کۆترێکی خنکاو و**

ملی دەکەوێتە ژێر باڵەکانییەوە،

دوای هەموو ئەمانە،

دەنگێك کە بەناو ژەهری مردنا

سەوڵی ژیان لێدەدات،

دەمێنێتەوەو تەحەدای مردن دەکات،

دەنگێك کەدەنگی کاسێتی ریکۆردەری ژوورەکەیەو

سروودی چەكو پێشمەرگە لێدەدات.

لە (خاچو مارو رۆژژمێری شاعرێك)یشدا:

کچێك مردووەو

سەتڵەکەی ئاوی لێدەرژێ.

ئەمەش شەڕکردنێکی جوانە لەگەڵ مەحاڵدا، کەشێرکۆ لەدیوانی (من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ)وە، بڕیاری گرتنی مەحاڵی داوەو جار دوای جاریش باشتر بەسەریدا زاڵ بووە.

***

سروشت

سرووشت لای شێرکۆ تراژیدیای ژیانی ئینسان دەردەخات و شیعر لە راستەوخۆیی دوور دەخاتەوە.

***

((لەکاتێکدا کە کامێرای چاوی گۆران، بەقەراخو بەهەورامانـدا گـەڕاوە، تـەنها شـتە جوانـەکانی بینیـووە، بـەڵام لـەناو ئـەو جوانیانەدا تراژیدیای ژیانی ئینسانی نەبینیووە))[28].

کەچی لای شێرکۆ بەپێچەوانەی گۆرانەوە:

بەرد خوێن لەلێوی دێت،

گۆم شوو بەئاسۆ دەکات،

ئەستێرە لاوك دەڵێت،

شاخ دەبێتە کەرەنا،

درەخت لەگەڵ ئاودا دەچێتە جەنگەوە،

-با- گلەیی لەپرچی بەستراو دەکات.

من واتێدەگەم کەسروشت لای شێرکۆ ئامرازێکە بەرەو دوو ئامانج دەچێت:

یەکەم: (ئاشکراکردنی تراژیدیای ژیـانی ئینـسان)، کەدەشـێت لـەم حاڵەتـەدا شـێرکۆ بـەو دایکـە جگەرسـووتاوە بـچووێنین، کـە لەپرسەی خەڵکی تردا، شینگێڕانی بۆ جگەر سووتاوییەکەی خۆیەتی، نەك بۆ ماڵە پرسەبارەکە.

دووەم: بۆ رزگاربوون لەدەربڕینی راستەوخۆ (کە بێگومان دەربڕینی راستەوخۆ ناتوانێت زۆر شاعیرانە بێت).

لەمانـەش گـرنگتر ئەوەیـە کەشـێرکۆ بـەردەوام روحێکـی خـەیاڵیی تێکـەڵ بەجەسـتەی سرووشـت دەکـات، ئەمـەش گەمـەی (بەخەیاڵکردنی واقیعو بەواقیعکردنی خەیاڵ)ی لێکەوتووەتەوە، کە پێشتریش ئاماژەمان بۆکرد.

لێرەوە دەشێت زۆرێك لەشیعرەکانی شێرکۆ بەو کچە بشوبهێنین، کەخۆی ئاوهای وەسفکردووە:

(نیوەی لەشی ماسیو نیوەکەی تری ئادەمیی بوو).

★★★

## رەسەنایەتی

شێرکۆ بەجۆرێك ئاوێزانی خەم و خۆزگەکانی کورد بووە، کە زۆرجار ناتوانیت خەم و خۆزگەکانی ئەو لە خەم و خۆزگەکانی کورد جیابکەیتەوە.

★★★

لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا هەمیـشە هەسـت بەزاکیرەیـەکی کـوردی پـاك دەکرێـت، هەناسـەو فرمێـسكو زەردەخەنـەکانیش کوردیین.

ئەگەر وەکو (د.عیزەدین ئەلسیرە) دەڵێت:

((لۆرکـا لـەرێگای شـیعرەکانییەوە وتبـێتی: گەیـشتن بەئاسـتێکی جیهـانی، لەتایبەتمەندێتییــەوە دەسـت پێـدەکات، نـەك لەلاساییکردنەوەی شیعرە جیهانییە وەرگێڕاوەکانەوە))[29].

شێرکۆش لەرێگای شیعرەکانییەوە ئەو وتەیەی خۆی سەلماندووە، کە دەڵێت:

((من پێموایە لەرێگای کوردایەتییەوە مرۆڤایەتی ئەدۆزینەوە))[30].

لێرەوەیە کەجگە لەو زاکیرە کوردییـەی باسمـانکرد، هەمیـشە چـەندین نـاوی (کـەس)و (شـوێن)و (بۆنـە)و (رووداو)ی کـوردی، لەشیعرەکانی ئەم شاعیرەدا ئامادەییان هەیە.

تەنانەت بەجۆرێك ئاوێزانی خەمو خۆزگەکانی کورد بـووە، زۆرجـار ناتوانیـت خـەمو خۆزگـەکانی ئـەو لەخـەمو خۆزگـەکانی کورد جیابکەیتەوە. شێرکۆ لەو شاعیرانە نییە ((کەباسی خاك دەکەنو بۆنی خۆڵ لەشیعرەکانییان نایەت))[31].

★★★★★★

## تەدویر

تەدویر یەکێك لـە رەگەزە دیارەکانی شـیعری شـێرکۆیەو تـەنها لـە خـاچ و مـارو رۆژژمێـری شـاعیرێکدا سـێ هـەزارو دە (و)ی پەیوەندی بەکارهێناوە.

★★★

شێرکۆ وەك ئەوەی مەفتوونی (و)ی پەیوەندیی بووبێت لەزۆربەی شیعرەکانیدا پەنای وەبەردەبات.

پێموایە هیچ شاعیرێکی کورد ئەوەندەی ئەو، ئەم ئامرازەی بەکارنەهێناوە.

وەك یۆنانییەکان وتوویانە:

((باشترین رێگا بۆ ئەوەی لەشتێك حاڵی بیت، وەرگرتنی پێچەوانەکەیەتی))[32].

(ئەنوەر مەسیفی) لەدیوانی (جلو بەرگو جمکەکان)دا، کەدوو قەسیدەی لەخۆگرتووە، یـەك تاقـە (و)ی لـەنێوان دوو رسـتەدا

بەكارنەهێناوە، (بێگومان ئەمە بەئاگاداری تەواوەوە ئەنجامدراوە).

لەودیوانەدا جگە لەهەردوو وشەی (جلو بەرگ)و (ئاوو هەوا) کە دوو وشەی لێکدراونو (8)جار بـەکارهێنراون، تـەنها لـەدوو جێگادا (و)ی پەیوەندیی دەبینرێت، جاری یەکەم لەناونیشانی دیوانەکەدا (جلو بەرگ-و- جمکەکان)، (جاری دوومیش لەئەسپێ-و- ڕشك)دا، کەدەکەوێتەوە لاپەڕە (14)ی دیوانەکەوە[33].

کەچی شێرکۆ بێکەس تەنها لە(خاچو مارو ڕۆژژمێری شاعیرێك)دا، سێ هەزارو دە (3010) (و)ی پەیوەندیی بەکارهێناوە.

لێرەوە دەتوانم بڵێم:

تەدویر یەکێك لەتایبەتمەندێتییە دیارەکانی شیعری شێرکۆ بێکەس پێکدەهێنێت. ئەمەش وایکردووە لای ئەم شاعیرە کـەمتر بایەخ بەڕستەو زیاتر بایەخ بەکۆپلە بدرێت.

(تەدویر لەشیعری کۆندا بەیەکەوەگرێدانی هەردوو نیوە بەیتە –مصرع- بەشێوەیەکی هاوبەش، بـەجۆرێك، وشـەکە ئەکرێتـە دوو بەشەوە، بەشێکی ئەکەوێتە نیوە دێڕی یەکەمو بەشەکەیتر ئەکەوێتە نیوە دێڕی دووەم، بۆنموونە مەحوی دەڵێت:

شەمبە بۆ ڕاوو، بەیەك شەمبە بنیادانێ، بەدوو

شەمبە ریحلەت کە، جەماعەت بگەرە کەسێ شەمبەبوو

بەڵام تەدویر لەشیعری نوێدا جیاوازەو بەهیچ جۆرێك لەگەڵ پێناسە کۆنەکەدا ناگونجێت) بڕوانە ئیـستاتیکای تـەدویر، ئـازاد حەمە، گۆڤاری (مەم) ژ(2) 1991.

بێگومان مەرج نییە تەدویر هەموو کاتێك لەڕێگای (و)ی پەیوەندیـەوە دروسـتبکرێت، بـەڵام ئاشـکرایە کـەرۆڵێکی گـەورە لـەم بوارەدا دەبینێت.

تەدویر جگە لەوەی لەڕووی ئیقاعەوە یارمەتی ڕزگاربوونی شاعیر لە ئیقاعە سنووردارەکان دەداتو یـاری بەشـوێنی سـەرواکان دەکاتو ئاسۆی ڕوانین بەرەو فراوانی دەباتو هەناسەی درامی دەخولقێنێتو ڕێگا بۆ هەڵقوڵینی دەربڕین دەکاتەوە، هەنـدێجاریش خوێنەر تووشی بێزاری دەکات.

سەرەتای تەدویر لای شێرکۆ بۆ دیوانی (من تینوێتم بەگڕ ئەشکێ) دەگەڕێتەوە:

بۆت ئەگەڕێمو نیوەشەو

لەناو بێژنگی گومانی ساتەکانیا

سوڕم ئەدا،

سوڕم ئەداو لەچۆڵێکا

کەئاو خەوی ئاسمانێکە نەزۆك جێم ئەهێڵا،

جێم ئەهێڵا و

خێڵی ترسی جێ نیشتە لەناو قوڕگی نەهەنگدا ئەمدۆزنەوە

ئەمدۆزنەوەو بە ستوونی یەك بەیەکی دەوارەکانی تاوانا

ئەمبەستنەوەو سەرم لەلەشم ون ئەبێ)... هتد

لە (گەرمیانو دارژانی ڕۆح)دا، بەم شێوەیە خۆی نمایش دەکات:

(لەپاریسدا هەناسەکانی تۆم پێشکەشی ئێلوارکردو

لەبەرلیندا ئاخەکانی تۆم بەگۆتە هەڵکێشاو

لەمۆسکۆ چیرۆکی سووتانەکانی تۆم بۆ چیخۆف گێڕایەوەو

لەکەناری ئۆقیانووسی ئارام کردمیت بەشەپۆلی نارنجیو

لەلەندەنیش دامیتە دەست مانگەشەوێکی بایرۆنو

لەبەر پەڕەی گوڵەڕەشەکانی بۆدلێر

نووسیمیتەوە

لەسەر تریفەو

لەسەر دانووبو

لەسەر گۆرانی کۆچو

لەسەر باڵی فڕۆکەکان

ناوەکەتم هەڵکەندو

لەدوایشدا بۆ دۆزەخەکەی رامبۆ

دۆزەخەکەی تۆم گێڕایەوەو

دۆزەخ گریاو

رامبۆ گریاو

شیعر گریا! گەرمیان).

هۆی پەنابردنە بەر تەدویر لەشیعرێکەوە بۆ شیعرێكو لەشاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی دی دەگۆڕێت. بۆ نموونە وەك (تەراد ئەلکوبەیسی) دەستنیشانی کردووە، تەدویر: ((لەشیعری مورسەل-دا گفتوگۆیەکی درامی پێکەوە گرێدراوەو مانا پێویستی دەکات، لای خەلیل خوریو یوسف ئەلخەتیب لەسەر هاوسەنگیی نێوان بیرۆکەو ئیقاع بنیات دەنرێتو لای یوسف ئەلخال لەدەوری ئیقاعی ئاسان لەنگەر دەگرێت، لای سامی مەهدی پشت بەدواندنو گێڕانەوەو لای حەسەب شێخ جەعفەریش پشت بەمەنەلۆگ دەبەستێت))[34].

دەکرێت بڵێین لای شێرکۆ زۆربەی ئەو هۆیانەو لەسەرووی هەمووشیانەوە دڵشاد مەریوانی وتەنی: ((نەزیفی دیمەن))[35] بوونی تەدویر دەسەپێنێت.

★★★★★★★★

## توخمەکانی چیرۆك

ئاسان نییە شیعریکی شێرکۆ بدۆزیتەوە کە چیرۆك یان جۆرێك لە چیرۆك نەبێت.

★★★

توخمەکانی چیرۆك کارلێکی هەمیشەییو بەردەوامیان لەجەستەی شیعری شێرکۆ بێکەسدا هەیە،رەنگە زیادە رۆیی نەبێت گەر بڵێین هیچ شاعیرێکی کورد (نە لەئێستاو نە لەرابردوودا) ئەوەندەی ئەم شاعیرە سوودی لەتوخمەکانی چیرۆك وەرنەگرتووە.

ئاسان نییە شیعرێکی شێرکۆ بدۆزیتەوە، کە چیرۆك (یان جۆرێك لەچیرۆك) نەبێت، تەنانەت شیعرە کورتەکانیشی لەم حاڵەتە بەدەرنین.

دەشێت هۆیەکی ئەم حاڵەتە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە شێرکۆ بێکەس: ((بەپێچەوانەی زۆربەی زۆری شاعیرانی کوردی هاوچەرخەوە لەنووسینی پەخشانو چیرۆکەوە دەستی پێکردووە))[36].

جگە لەوەش وەك خۆی دەڵێت: ((زیاتر چیرۆكو رۆمان دەخوێنێتەوەو تائێستاش سەرجەمی بەرهەمی شاعیرێکی عەرەبی بەتەواوی نەخوێندۆتەوە))[37].

بێگومان بەشێکی گەورەی خەیاڵفراوانی شێرکۆ بۆ ئەم خاڵە دەگەڕێتەوە.

ئەوەشی زۆر گرنگە ئەوەیە کە کارلێکی توخمەکانی چیرۆك لەجەستەی شیعری شێرکۆ بێکەسدا، تاڕادەیەکی باش تەقلیدیەتو قاڵبە ئامادەکراوەکانی بەزاندووە.

بۆ نموونە: (پاڵەوان) لای ئەم شاعیرە بەزۆری پاڵەوانی راستەقینەیەو دواتر روحێکی ئەفسانەیی پێدەبەخشرێت، (بەختیار عەلی) وتەنی:

((هەمیشە لە دۆناودۆن کردن دایە)).

دەمرێت بەڵام زیندوو دەبێتەوە!

(کات) هەندێجار لەسەرەتاوە بۆ کۆتاییو هەندێجار لەکۆتاییەوە بۆ سەرەتا دەچێتو هەندێجاریش لەناوەڕاستەوە بۆ سەرەتاو دوایی بۆ کۆتاییو بەم شێوەیە لەگۆڕانی بەردەوامدایە.

لێرەدا (فلاش باك) یارمەتیدەرێکی زۆر باشە و شاعیر دەزانێت چۆن سوودی لێوەردەگرێت.

بۆ نموونە لەداستانی (مامەیارە)دا، لەدوای مردنی مامەیارەوە دەست بەگێڕانەوە دەکرێت، سەرەتا گەڕانەوەی کاکە مەمو برایمۆكو دواتر مامەیارە لەشێوەی ئەسپسوارێکی غەمگیندا، باسدەکرێت.

پاشان هێدی هێدی گەڕانەوە بۆ کاتی یاخیبوونو راپەڕینی مامەیارەو دوایی دەستگیرکردنی بە زامداریو مردنیو جارێکیتر هاتنەوەی تۆمار دەکرێتو بە مشێوەیە (شوێن) لای شێرکۆ، خۆی وتەنی: ((رادەکات))[38].

لەدەربەندی پەپوولەو خاچو مارو رۆژژمێری شاعیرێکدا، ئەم حاڵەتە بەڕوونی دەردەکەوێت، لەئەورووپاوە بۆ شاخو دەشتو شارەکانی کوردستانو بۆ بەغداو دیسانەوە بۆ ئەورووپاو بۆ کوردستانو بەم شێوەیە (شوێن) لەجووڵەو راکردندایە.

(گێڕانەوە) راستە هەندێجار تەقلیدی و بێگیانە، بەڵام زۆرجاریش جوانکاری وردی تێدا دەکرێت.

بۆ نموونە لەشیعری (بەخیل)دا، کەشیعرێکی کورتە، گێڕانەوە بەمجۆرە دەستپێدەکات:

(درەختێکی تریان وتی).

واتە پێشتر درەختەکانی دیکەش قسەیان کردووە، بەڵام شاعیر لێرەوە دەچێتە ناو شیعرەکەوە، ئەمەش هەم کورتبڕییەکی جوانەو هەم گێڕانەوەش لەتەقلیدییەت دەپارێزێت.

(مۆنتاژ) لەچەند جێگایەکدا زۆر بەجوانی سوودی لێبینراوە، بۆ نموونە لەشیعری (سمکۆ جارێکیتر ناچێتەوە سەرخوانی مردن)دا، دوای ئەوەی سمکۆ بڕیاردەدات لەگەڵ دوژمن دابنیشێتو گفتوگۆ بکات، دەنگێك بەئاگای دێنێتەوە، کە (سڵ بکات)،دوای ئەمە ئیدی یەکسەر شاعیر دەچێتە سەرباسکردنی ئەو شیوەنەی کە بۆ کوژرانی سمکۆ دەکرێت، بێئەوەی بەتاقە وشەیەکیش باسی کوشتنەکە بکات.

ئەمەش مۆنتاژێکی جوانەو لەشیعری ئێمەدا کەمتر ئاوڕ لەمۆنتاژ دراوەتەوە.

پێویستە ئەوەش بڵێین کەمۆنتاژ جگە لەوەی لەسینەمادا هەمیشەو بەبەردەوامی سوودی گەورەی لێدەبینرێت، لەنووسینیشدا شتێکی تازەنییە،تەنانەت لە(قورئان)دا زۆرجار بەرچاودەکەوێتو (سەید قوتب) لەکتێبی (التصویر الفنی فی القرئن)دا، (ئەگەرچی وەك زاراوە مۆنتاژی بەکارنەهێناوە) بەڵام دەستنیشانی کردووەو ئاماژەی بۆ بەکارهێنانەکانی کردووە [39].

کارلێکی توخمەکانی چیرۆك لەجەستەی شیعری شێرکۆدا قسەوباسو لێکۆڵینەوەی زۆرتر هەڵدەگرێت.

وەلێ ئێستا دەتوانین بەبێ هیچ دوودڵییەك بڵێین: شێرکۆ چیرۆکنووسێکی شاعیرە!

***

# کێش و سەروا

شاعیری داهێنەر وەك چۆن لە توخمە پێکهێنەرەکانی دیکەی شیعردا باڵا دەستی خۆی دەسەلمێنێت،هەروا دەتوانێت لە بەکارهێنانی کێش و سەرواشدا باڵا دەستی خۆی بسەلمێنێت.

★★★

رەنگە بەلای زۆر کەسەوە قسەکردن لەسەرکێش‌و سەرواو هەندێ وردە شتی دیکە، بەکارێکی بێهوودە دابنرێت.

بەلام من پێموایە کەهەموو شتێکی گەورە هەم خۆی لەچەند شتێکی بچووك پێکدێت‌و هەم لەزۆر حاڵەتدا پێویستیشی بەشتی دیکەی بچووك دەبێت، بۆ نموونە کورد وتوویەتی: (ماڵ پێویستی بەگسك‌و گسکیش پێویستی بە -بەن- دەبێت) ئەمە جگە لەوەی کە ئێمە قسە لەسەر شاعیرێك دەکەین تا ئەمڕۆش لەشیعرەکانیدا کێش‌و سەروا (مەحەلیان لەئیعرابدا هەیە)و توانیویەتی هەندێك وردەکاریی جوان-بەتایبەت لە بەکارهێنانی سەروادا- بەرجەستە بکات.

★زۆرترین شیعری شێرکۆ بێکەس، بەکێشی (4) بڕگەیی نووسراوە، کە یەکێکە لەکێشە هەرەسواوەکانی شیعری نوێی کوردی، هەروەك لەحەفتاکاندا (دڵشاد مەریوانی) لێیدواوە.

ئەم کێشە کە لەبنەڕەتدا کێشێکی ناسك‌و هێمنە، لای شێرکۆ (لەهەندێ شیعری زۆر کەمدا، نەبێت) هەمیشە هەناسەسواری‌و دڵەڕاوکەی تێکەڵە. ( ئەم حاڵەتە لای نەوزاد رەفعەتیش دەبینرێت و بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی ئەویش دڵەراوکەو هەناسەسوارییان تێدایە).

بۆ نموونە: ئەو ئارامییەی لەکێشە (4) بڕگەییەکانی شیعری (عەبدولاپەشێو)دا هەیە، لەکێشە (4) بڕگەییەکانی شیعری شێرکۆدا نییە.

لای شێرکۆ بەزۆری لەجیاتی (4+4) دەبێتە: (3+3+2) یان (3+2+3) یان (2+3+3)و هتد.

★کێشی دووەم کە بەسەر شیعری شێرکۆدا زاڵە، کێشی (3) بڕگەییە.

ئەم کێشە، کێشێکی کوردییەو لەسەردەستی گۆران زیندوکراوەتەوە،تا ئەو جێگایە کە من ئاگادارم پێش گۆران پارچە شیعرێکی نووسراو بەم کێشە نییە مابێتەوەو بەدەستمان گەیشتبێت. لای گۆران بەمشێوەیە: (3+3+3+3+) واتە بە(12) بڕگە بەکارهاتووە:

((قژکاڵی، لێوئاڵی، پرشنگی نیگاکاڵ

ئەی کچە، جوانەکەی، سەرگۆنا، نەختێ ئاڵ))(40)

لەنێو شاعیری حەفتاکاندا (لەتیف هەڵمەت) یەکەمین کەسە کەئەم کێشەی بەشێوەیەکی تەقلیدی‌و رێك وەك گۆران بەکارهێناوەتەوە:

((ورد بڕۆ، سڵ مەکە، زەردەپەڕ، خامۆشە

ئەم رێیە، بەتەنیا، من‌و تۆی، لەکۆشە))(41)

شێرکۆ بێکەس-یش یەکەمین کەسە کەئەم کێشەی بۆ نێو شیعری ئازاد گواستۆتەوە.

لای شێرکۆ بەشێوەیەکی نوێ دابەشکراوەو لەقاڵبی (12) بڕگەیی دەرهێنراوە، بڕوانە شیعری (سمکۆ جارێکیتر ناچێتەوە سەر خوانی مردن):

بەهۆرەی تفەنگی.. کاروانی بن بنار.. لوتکەکان

ئەستێرەی پشکۆیان

رژانە ناو چاوی بەیانی بەفرەوە

چەمەکان بەرزەوپێ هەڵسان‌و هەلگیرسان

ئەسپەکان لەبێشەی ئاگرا ئاودران.

ئەم کێشە یەکێکە لەکێشە گرانەکانی شیعری کوردی‌و مەهارەتێکی زۆرتری لەکێشەکانی دی دەوێت.

لەنێو شاعیرانی حەفتاکاندا (ئەوەندەی من ئاگام لێبێت) جگە لە(هەڵمەتو سەعدوڵلا پەرۆش) هیچ شاعیرێکی دیکە شیعرێکی بەم کێشە نییە کە تاسەر هەناسەکەی پاراستبێت، تەنانەت هەڵمەتیش وەك شێرکۆ بەسەریدا زاڵ نییە.

⋆کێشی سێیەم کە لەشیعری شێرکۆ بێکەسدا دەبینرێت، کێشی (13) بڕگەییە، بەشێوەی (4+4+5).

ئەم کێشە لەداهێنانی گۆرانەو پێش ئەو نموونەی لەشیعری کوردیدا نییە:

**((سەردەمێك بوو دنیای گیانم تاریكو چۆڵ بوو**

**کام (بەرۆچکە)ی گەرمە دڵم چەشنی سەهۆڵ بوو))**[42]

شێرکۆ تاکە شاعیری حەفتاکانە کەئەم کێشەی بەکارهێنابێت، ئەمەش لەیەکەم دیوانیەوە (تریفەی هەڵبەست-1968) بەرچاو دەکەوێت:

**(بابە تاسەی بینینەوە بۆ تۆ پەرۆش بوو**

**ئارامی دڵ لەناو یادا ونو خامۆش بوو)**

ئەگەرچی شێرکۆ خۆی لەپەراوێزی شیعری (بۆ نەورۆزی 1970)دا، دەڵێت:

((لەڕووی فۆرمی ئەم هەڵبەستەوە، ئەمجارەیان وام پەسەند کرد کەکێشو ئاهەنگی تێکڕای هۆنراوەکە، بخەمە سەر شێوەی تازەو لەیەك دەقی رزگاریان بکەم، هەروەکو خۆی کێشەکان نەهێڵمەوەو ئاڵو گۆڕیان پێبکەم))[43].

بەڵام لەڕاستیدا هەمان بەکارهێنانەوەی گۆرانو تریفەی هەڵبەستەو هیچ گۆڕانکارییەکی تیانەکراوە، تەنها ئەوە نەبێت لەجیاتی ئاوها دابەش بکرێت:

**(ئەی فریشتەی ناو کەژاوەی باوەڕی پیرۆز**

**چەپکێ شیعرت پێشکەش ئەکەم بۆ یادی نەورۆز)**

ئاوها دابەش کراوە:

**(ئەی فریشتەی.. ناو کەژاوەی..**

**باوەڕی پیرۆز**

**چەپکێ شیعرت.. پێشکەش ئەکەم**

**بۆ یادی نەورۆز)...**

⋆لە(داستانی بەردەقارەمان)دا، هەوڵی جێگۆڕکێو فراوانکردنەوەی ئەم کێشە دراوەو هەندێجار لەجیاتی (8) بڕگە یان (5) بڕگە، (7) بڕگەی تێکەوتووە، پێدەچێت فراوانکردنەوەی ئەم کێشە ئاسان نەبێت چونکە لەدوودەنگی جیاواز پێکهاتووە.

⋆پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە لەچیرۆکە شیعرەکانی (روبار)ەوە، تا ئەمڕۆ ناو بەناو پێکەوە بەکارهێنانی ئەم کێشانە لەیەك شیعردا (بەتایبەتی کێشی-3- بڕگە و-4- بڕگە)لای شێرکۆ بەرچاو دەکەوێت.

⋆لەبەرکارهێنانی (سەروا)شدا شیعری شێرکۆ سێ وردەکاری زۆر جوانی تێدا دەبینرێت:

⋆یەکەم:

ئەو سەروایانەی بایەخ بەدەنگی وشەکان دراوە نەك رەنگیان:

**ئاڤزینی خولیاکەی ئەسپێکە سپی بۆر،**

**ئارامی: سمکۆڵە و**

**کۆڕژنی: هێوریی و**

دووریێتیی: نزیك و

قیبلەکەی ((خاك و خۆڵ))

★★★

بە تیری عیشقی بەرد

زامدارە و گرفتار

ئەم مێژووە عاشقەم.

بۆ خاتری چاوی بەرد

هەموو جار خۆرنشین ئەپۆشێ و

بە کەوڵی سوورەوە

ئەگاتە بەردەمی قاپی مەرگ.

★★★

(دارکونکەرەی دەنووك زۆر تیژ

پێنج شەش کونی کردە دڵو

لەشی قامیش)

★★★

(ئەو شاخەوانەی یەکەمجار

سەرکەوتە سەر شاخی ئەڤرست

چۆکی دادا بەو چیایە

ئەویش تەنیا بەیەك هەنگاو دەستی پێکرد)

★★★

چوار ئەفەندی رەشتاڵەو دێز

هاتن سیروانیان دایە پێش

★★★

وەك دەبینرێت وشەکانی(بەرد و مەرگ)،(سپی بۆر و خاك و خۆڵ)، (تیژو قامیش)، (ئەڤرستو پێکرد)، (دێزو پێش) لەرەنگدا سەروانین، بەڵام لەدەنگداو لەنێو سیاقی شیعرەکاندا سەروا گەلێکی زۆر جوانن.

★دووەم:

ئەو سەروایانەی بەدوو پیت دروستدەبن، کەپێش شێرکۆ زۆر بایەخی پێنەدراوە:

تۆ سروەکەی سەری رەشی

تۆ ئەنتێنی هەرە بەرزی

سەرچیای ئیزگەی شۆڕشی.

★★★

(وەختێ هاتیتو گەیشتی

هەر یەکەم شەو

دەربەند باسەڕە پێی وتی)

★★★

(شەقام ئەهێنێتە قسە

باڵ ئەڕوێنێ لەدیوارو

سەری مەسیح

ئەکا بەزەنگی کلێسە).

★★★

(ئەبێ بەگوڵەبەڕۆژە

دەمێکی تر لەسەر گۆیژە).

★★★

⋆سێیەم:

ئەو سەروایانەی کەبەیەك پیت دروست دەبن، کەئەمەش من لای خۆمەوە ناوی (سەروای شێرکۆیی)م لێناون، چونکە لە نێو شاعیرانی کورددا هیچ شاعیرێکی دی بەردەوام بەئاگادارییەوە بەکاری نەهێناوە، (بەتایبەت پێش شێرکۆ):

(ڕەفیق عاشوور! واتۆ ئەچی

شیمال سێ شتی شیرینە

هەنگوینو گوێزو ئافرەتی).

★★★

(یەکە یەکە

ئەهاتن بۆ هەواڵێکی

کچە سەربەستی پێشمەرگە).

★★★

(وەختێ گەیشتیتە قۆپی

وەختێ یەکەم داربەڕوومان

بەخێرهاتنی لێکردی).

★★★

(منالێنە

ئەو سوارانە سواربوونەوە

ئەسپەكانیان نەفرۆشتبوو

دڵیان نەدابوو بەكرێ

كلیلی دەربەندو شاخیان

بەجێ نەهێشت بۆ هیچ دزێ).

★★★

تەدارەك:لە ئەسپی كەلەسەر گڕگرتووی ڕەوەندم

ئەو وەختەی ژان لەسەر بەرد ئەڕوێ.

تەدارەك لە حیلەی بروسكەی ئەم هەورە سوورانە

ئەو دەمەی كە باران شیعرێكی سەوزتر ئەنووسێ..

★★★

مۆمێكم لە قولەی حەزرەتی ((نالی))دا بۆ هەڵكەن

با ملی دارێ بێ

یان پەنجەی نێرگزێ

یان قژی وەنەوشە.

زامێكم لە دوندی ((كەكۆن))ی ((حاجی))دا بۆ پێكەن

با سەری بڕاوی شیعرێ بێ

یان مەمكی ((وەسانان))

یان باڵای هەڵەبجە.

★★★

خۆزگەمە بۆ دوا جار

شنەیان بگرمە باوەشم.

یەك بە یەك دەم خەمە ناو دەمی حەسرەتیان

ناكامیی سینەیان هەڵمژم.

★★★

وەك ئاوی شەربەكەی ((حیجاز))ی،ژەكێكە

هەموو رۆژ غەریبی ئەینۆشێ.

رۆژانە لە حیجاز هەڵمێكە و

شەوانە لە وڵات گۆمێكەو ئەیبەستێ.

★★★★★★

**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**


1-عەبدوڵڵا پەشێو. شەو نییە خەوتان پێوە نەبینم (بەغداد، 1980) لا 141.

2-نزار قبانی. قصتی مع الشعر.الگبعه الاولی (بیروت:منشورات نزار قبانی1973)، ص25.

3-موسوعه المصگلح النقدی:التصویر و الخیال( د.ل. بریت)ترجمه د.عبدالواحید لؤلؤه (بغداد: 1979)، ص13.

4-. وێستگە بچووکەکان.دیدار لەگەڵ نزار قەبانی. وەرگێڕانی: محەمەد کوردۆ ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) ژ (303)، 1999.

5-حەمە سەعید حەسەن. گەڕان لەدووی خود. گۆڤاری (رامان)، ژمارە (21)، 1998، ل10.

6-گوڵستانی سەعدی. وەرگێڕانی: مستەفا سەفوەت.چاپی دووەم (بانە: 1317ی هەتاوی)، ل179.

7-نەژاد عەزیز سورمێ. تاڤگەی مەند (بەغداد: 1987) لاپەڕە88.

8-احسان عبدالقدوس. لالیس جسدك. الگبعه الاولی(سنه 1979)، ص222-223.

9-محمد الاسعد. مقاله فی اللغه الشعریه. الگبعه الاولی(بیروت: 1980) ص4.

10-خمسه مداخل الی النقد الادبی. ترجمه و تقدیم و تعلیق: د. عدنان غزوان اسماعیل، جعفر صادق الهلیل (بغداد: 1986) ص194.

11-گراد الکبیسی. کتاب المنزلات: منزله الحداپه (بغداد: 1992)، ص102.

12-الجواهیری رحله الام و الپوره. بقلم اعتدال رافع. مجله (العربی) الکویتی، العدد (484) 1999، ص158.

13-ادونیس. النڤام و الکلام. الگبعه الپالپه( بیروت: 1980)، ص60.

14- ادونیس. الپابت و المتحول: بحپ فی الاتباع عند العرب-1- (الاصول)، الگبعه الپالپه، (بیروت: 1980)، ص60.

15-د. خلیل الموسی. النص الشعری و مستویات القراوه. مجله (المعرفه) السوریه، العدد (428) 1999، ص70.

16-زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی، لا95.

17-دیوانی نالی. لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتح عبدالکریم. (بەغداد: 1976)، ل107.

18-محمد رچا مبارك. اللغه الشعریه فی الخگاب النقدی العربی: تلازم التراپ و المعاصره. الگبعه الاولی (بغداد: 1993)، ص166.

19-شاکر النابلسی. دراسه فی شعر و فکر محمود درویش. الگبعه الاولی (بیروت: 1987)، ص516.

20-گفتوگۆیەك لەگەڵ (ئونسی ئەلحاج)دا. وەرگێڕانی: محەمەد کوردۆ. پاشکۆی ئەدەب و هونەری هەفتەنامەی( ڕێگای کوردستان) ژمارە (378)ساڵی 1999.

21-اللغه الشعریه فی الخگاب النقدی العربی. ص 262.

22-روو بەروو لە سیبەری چیادا. ئامادەکردنی: بیستوون (لەبلاوکراوەکانی یەکیتی نووسەرانی کوردستان. زنجیرە 29 ساڵی 1985)، ل177.

23- وێنەی ڤیدیۆیی لە (قەسیدەی ڤیدیۆیی) وەرگیراوە، کە (بڵند حیدری) ناوی ناوە.

بڕوانە: دراسات فی الشعر الحدیپ.تالیف د.عبده بدوی.الگبعه الاولی(کلیه الاداب.جامعه الکویت: 1978)، ص52.

24-کاپلین رین. مجله (المدی) العدد (25) سنه 1999، ص 137.

25-سامی مهدی. افق الحداپه و حداپه النمگ (بغداد: 1988)، ص175.

26-الپابت و المتحول، 1- الاصول، ص 110.

27-ململانێی ژیان –مەرگ لەخاچو مارو رۆژمێری شاعیرێ دا. بەختیار عەلی (گۆڤاری گەلاوێژی نوێ) ژمارە (7) ساڵی1998، ل41.

28-چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شێرکۆ بێکەس. بەختیار عەلی و مەریوان وریا قانع سازیانداوە.گۆڤاری(ئازادی) ژمارە(2)، ل94.

29-د.عزالدين الناصره. مجله (الگريق) العدد الرابع، السنه السابعه والخمسون. 1998، ص99.

30-رووبەڕوو لەسێبەری چیادا، ل177.

31-حەمە سەعید حەسەن. گەڕان لەدووی خود. گۆڤاری (رامان) ژمارە (21)، ل11.

32-ئەندێشەکانی مۆریس مۆتەرلینگ. وەرگێڕانی: خوسرەو جاف (بەغدا: 1988)، ل14.

33-ئەنوەر مەسیفی. جلوبەرگو جمکەکان. ( بەغدا: 1990).

34-گراد الكبيسى. تدوير في القصيده الحديپه. مجله (الاقلام) العدد الخامس.(السنه: 1978)، ص2.

هەروەها سوود لەم سەرچاوەیەش وەرگیراوە: حدود البيت. د.على جعفر العلاق. مجله (الاقلام) العدد (11-12) السنه الپانيه والعشرون. 1978.

35-دلشاد محەمەد ئەمین. چەپکێ شیعرو ئینجانەی سەرنجێ. هەڵبژاردە لەدیوانی رۆژی کوردستان( بەغدا: 1977)، ل10.

36.رووبەڕوو لەسێبەری چیادا، ل15.

37.هەمان سەرچاوە، ل170.

38.شێرکۆ بێکەس .خاچ و مارو رۆژمێری شاعیرێ. چاپی دووەم (سلێمانی: 1988)، ل300.

39.سيد قگب. التصوير الفنى في القران.(سنه:؟)، ص49.

40.دیوانی گۆران.ئامادەکردنی:محەمەدی مەلا کەریم. (بەغدا: 1980)، ل45.

41.لەتیف هەڵمەت.خواو شارە بچکۆلەکەمان (کەرکوك: چاپخانەی شیمال 1970)، ل151.

42.دیوانی گۆران، ل42.

43.شێرکۆ بێکەس. من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ ( بەغداد: 1973)، ل 186.